جامی ئەفریقا.. جەزائیر و بورکینیا فاسۆ بەدوو گۆڵ یەکسانبوون

لە جامی ئەفریقا هەڵبژاردەی جەزائیر و بورکینیا فاسۆ بە ئەنجامی دوو گۆڵ بە هەرلایەک یەکسانبوون.

لە یارییەکی کۆمەڵی چوارەمی جامی ئەفریقا، هەڵبژاردەی جەزائیر روبەڕووی بورکینیا فاسۆ بووەوە.

تایمی یەکەم، یارییەکە بە ئاستەکی ماماوەند تێپەڕی، تا ئەو کاتەی لە سۆ خولەکی کاتی زیادکارودا بورکینیا فاسۆ گۆڵی پێشکەوتنیان تۆمارکرد، ئەو تایمەش بەو تاکە گۆڵە کۆتایی هات.

لە تایمی دووەم، لە خولەکی 51 بەغداد بونجاح ئەنجامەکەی بە جەزائیر یەکسانکردەوە، خۆشی ئەو گۆڵەش بە جەزائیر تا خولەکی 71 بوو، کاتێک بە لێدانی سزا براتراند تراوری دووبارە بورکینیا فاسۆی پێشخست، گۆڵەکەشی بە لێدانی سزابوو، یارییەکە نزیکبوو لە کۆتایی و دووبارە بەغداد بونجان لە یارییەکەدا دەرکەوتەوە و لە خولەکی پێنجی کاتی زیادکراودا خۆشی بردنەوەی لە بورکینیا فاسۆ تێکدا و ئەنجامەکەی یەکسانکردەوە.

سەرەنجام یاریيەکە بە یەکسانی و بە دوو گۆڵ بە هەرلایەک کۆتایی هات.

بەم ئەنجامە جەزائیر بە کۆکردنەوەی دوو خاڵ لە پلەی دووەم دەبیندرێت و بەرکینیا فاسۆ بە چوار خاڵ پلەی یەکەمی کەمێی چوارەمە